www.kurdistannet.org
25-10-2006 8:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کوڕەکەی مەریوان هەڵەبجەیی تەقەی لێکرا ... سەنگەر شارەزوری

کوڕەکەی مەریوان هەڵەبجەیی تەقەی لێکرا. ئەم هەواڵە شەوی 23-24\10 لەسەر زاری هەلەبجەیی یەوە و لە ژووری ئێرە دەنگی کوردستانە بە ئامادەبوانی ژوورەکەی راگەیاند. بەراستی بەبیستنی هەواڵەکە بەلامەوە سەیر بوو منداڵێك چ تاوانی هەیە بەهۆی باوکیەوە هەوڵی کوشتنی بدری و ناهەقیشی بەرامبەر بکرێت لە کاتێك دا پیویستە بە نوسین و وەلام وەلام بە باوکی منداڵەکە بدرێتەوە نەك بە گوللە. بەهەرحاڵ من ناچمە ناو تەفاسیلی ئەو باسەوە. بەلام دواتر پاش ئەوەی هەلەبجەیی ئەو هەواڵەی ڕاگەیاند و بابەتەکەی تەواو کرد بەو بیانووەوە ژوورەکەی بەجی هێشت و ئامادەنەبوو گوی لە رەخنەو سەرنجی ئامادەبوان ببێت و بەمەش غەدرێکی گەورەی لە ئامادەبوانە کرد کە ئەویش پێشێل کردنی ئازادی یەکانی ڕادەربڕیە. لێرەدا پیویستە مەریوان باش لەو حەقیقەتە بگات چۆن ئازادی بۆخۆی قبوڵە دەبێت بەو شێوەیەش بۆ بەرامبەرەکەی ئازادی پی قبوڵبێت. ماوەیەکە مەریوان هەفتانە لەژووری چەپی سەربەخۆ لە پاڵتاك بە کاملّی ئازادی یەکان دێت و شەن و کەوی ئەم ئیسلام و قورئان دەکات لەکاتێك دا کە دێتە سەر پرسیار و وەلام دانەوە مەرجی سوورکردنی ژوور و بەجی هێشتنی ژوور دەکاتە وەلامی ئامادەبووان. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە مەریوان لەو راستی یە بگات ئازادی کاتێك قبوڵە کە ئازادی کەسانیتر پێشێل نەکرێت. بۆیە عاتیفە جولانی خەڵك نا بێتە هۆی شاردنەوەی راستییەکان تا سەر سوود لەو کەشوهەوای ئازادی یە وەرناگیرێت و ئەم کارانەشی بەدەردی تەزویرەکانی دەچێت. من لیرەوە بە مەریوان دەڵێم ئەگەر تۆ راستگۆیانە دەتەوێت راستییەکان بخەیتە ڕوو چ باکت لە سەرنج و رەخنەی خەڵکە بۆ وەلام نادەیتەوە و دەتەوی بە عاتیفە جولانی خەڵك راستییەکان چەواشە بکەیت؟ئایا کوڕەکەت تەقەی لێکرا؟بە تەئکید نەخێر ئیتر بۆ نەگەرایتەوە بۆ لای ئامادەبووان و وەلامت نەدانەوە؟خۆ ئەگەر ئەو هەواڵەی جەنابت راتگەیاند راست بوایە چ دەبوو دوای تەواو بوونی سیمینارەکەت سۆراخت بکردایەو دنیات تێبگەیاندایە؟بابلێین هەواڵەکەش راست بووە تۆ بۆ خۆت لەو مەسەلەگرنگە دەربازکرد کە دەتەوێت چیتر ئینسانەکان فریوی ئیسلام نەخۆن راستی یان لا روون بێتەوە خۆ کورەکەی تۆش لەو هەزاران شەهیدەی ریگای رزگاری کوردستان و وەدیهینانی ئازادی زیاتر نی یە؟بەلام راستی مەسەلەکە ئەوەیە هەمیشە فێر بویت درۆکردن دەکەیتە دەروازەی دەربازبوونت لەبەرامبەر خستنە رووی راستی یەکان و بە درۆ خستنەوەی قسە زلەکانت؟ دەمێکە ئەم بەرێزە فێرە تەزویر و درۆیە رۆژنامەی پێگە شاهید! حاڵە (هانەی سەعیدی) شاهید حاڵە!کارە تەزویری یەکانت لە بازاری دۆلارەکە شاهیدی حاڵە! ئەو خوێنە تەزویرەی کە وێنەی جەنراڵ بەرزانیت پی دروستکرد تا ببیتە مفەوەزی ئاسایش لەسەر لیستی پارتی لە دەربەندیخان شاهیدی حاڵە؟ لەیەك ساڵ دا تۆ پیشمەرگەو زیندانی سیاسی و خوێندکار بووی شاهیدی حاڵە! من لەمە زیاتر نامەوێت راستی یەکان بخەمەڕوو تا ئەو رادەیەی لەساڵی 1986 دا لەشاری هەلەبجە بویتە جیش الشعبی (حەمەامین مستەفا) ناسراو بە (پیچۆ) شاهیدی حالە. بۆ زیارتر راستی ئەم مەسەلەیە برادەرێك بۆی گێڕامەوە ووتی:لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا لە ساڵی 1987 ئامادەبویەك رووی کردە مەریوان ووتی:تۆ بۆت نی یە شیعر یخوێنیتەوە چونکە جیش الشعبی بویت؟ ئەمانە هەموو شاهید حاڵی کارەکانی مەریوان هەڵەبجەین کە ئەوەندە ئازادی پی قبوڵە کە ئازادی بەرامبەر پێشێل بکات ئەگەر نا بۆ بواری نەدا بە ماکوان سەرنجەکانی بخاتە ڕوو؟من هەر ئەمەندە دەڵێم تکایە بڕوا بەو هەواڵە مەکەن کە مەریوان ڕایگەیاند